# بەرهەمهێنانی گۆرانییەک لە کوردستان نەک لە دەرەوە دوو هەزارو دوو سەد دۆلار خەرجی دەویٚ تەلەڤزیۆنەکانیش بە سوپاس قەرەبووی خەرجییەکە بۆ هونەرمەند دەکەنەوە

## بەشی دووەم

هەر بۆ بەدواداچوونی ئەو رەوشەو بۆ پرسیارکردن لە تەلەڤزیۆنەکان کە ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ کلیپ دەکەن وەکو لە ژمارەی پێشوو بەڵێنماندابوو سەردانی تەلەڤزیۆنەکانمان کردو سەرەتا بەڕێز (ئازاد سادق) بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی هەولێر PUK بۆمان دواو وتی: ئێمە هەموو کلیپێک ناکڕینەوە، هەندێکیان لەبەر گرانی، هەندێکیشیان لەبەر بێ مستەوایی، کە لە رووی هونەرییەوە ئاستێکی ئەوتۆیان نییە، ئەوەی ئێستا ئێمە بەپلەی یەک پشتی پێدەبەستین ئەوەیە وەکو خۆمان ئیعتیماد لەسەر کەناڵەکەی خۆمان دەکەین بەشێوەیەک کە بەبەلاش کلیپ بۆ هونەرمەندەکان دەکەین، دواتر دەیدەن بەخۆیان تا بچن بیفرۆشنەوە بە کەناڵەکانی تریش، تاکو ئێستا 50-60 کلیپمان بۆ هونەرمەندان کردووە بەبێ جیاوازی کوڕو کچ و هیچ شتێکی دیکە، هەروەها ئازاد سادق وتی: بەشێکی زۆر لە کلیپەکانمان کڕیوەتەوە، بەتایبەت کلیپی ئەو هونەرمەندانەی کە لە ئێران و ئەوروپا دەژین.

لەبارەی نرخی کلیپەوە، وتی: ئێمە دەیکڕینەوە تەنها بۆ خۆمان نا، ئەو هونەرمەندەی کلیپی داوە بە ئێمە مافی ئەوەشی هەبووە لە تەلەڤزیۆنەکانی دیکەش بیفرۆشێتەوەو پەخشی بکات، لەگەڵ ئەوەش بەپاداشت ئێمە نزیکەی 100-200 دۆلارمان داوەتە هونەرمەندەکە.

نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ، ئێمە کەناڵێکی مەحەلی و ناوخۆیین، لە رووی ماددیەوە ئیمکانیەتمان لە کەناڵەکانی سەتەلایت کەمترە.

دواتر هەر لە کەناڵە مەحەلییەکان و لە تەلەڤزیۆنی ئازادی (تەنیا بەکر) بەرپرسی بەشی تەنسیق، وتی: ئێمە تا ئێستا هیچ کلیپێکمان نەکڕیوەتەوە، لەبەر ئەوەی ئیمکانیەتمان نەبووە، ئەوەی هەمانەو پەخشی دەکەین، هونەرمەندەکان خۆیان بەدیاری بۆ ئێمەیان هێناوە، بەڵام ئێستا لە بەرنامەماندا هەیە لەمەودوا ئامێرەکانمان بگۆڕین و بەنیازین خۆمان کلیپ بۆ هونەرمەندان بکەین.

لە کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس، بەڕێز (ئازاد دەربەندی) بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان، وتی: بەنیسبەت کڕینی کلیپەوە ئێمە لە 3/1دا ئەو کارەمان راگرتووەو هیچ کلیپێک ناکڕینەوە لەبەر ئەوە ئێستا نەسریەمان کەمبۆتەوە، ناچار هونەرمەندەکان بەدیاری پێشکەشی تەلەڤزیۆنەکەمانی دەکەن، لەبری ئەوەش ئێمە بۆیان پەخش دەکەین، کاتی خۆی ئێمە کلیپمان دەکڕییەوە، ئەگەر هونەرمەندەکە 500 دۆلاری مەسرەف بکردایە، ئێمە 200 دلارمان دەدایەوە، چونکە تەنها بۆ ئێمە نەبوو، هونەرمەند دەچوو لە تیڤییەکانی تریش دەیفرۆشتەوە، بەڵام لەدوای 3/1 ئەمرمان بۆ هاتووە لە مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن کە کلیپ نەکڕینەوە، چونکە لە رووی ماددیەوە دەسکەوتی تەلەڤزیۆن کەمبۆتەوە.

دواجار لە نووسینگەی هەولێری کەناڵی ئاسمانی کوردسات، (ئیبراهیم پالانی) وتی: تاکو ئێستا ئێمە لە نووسنگەی هەولێر کلیپمان نەکڕیوەتەوە، ئەم پرسیارە دەبێ لە کوردسات بکرێ، چونکە ئەوان تایبەتن بە کڕینەوەی کلیپ، ئەگەر کلیپ هەبێ نایهێننە نووسنگە بەڵکو دەبرێتە بارەگای تەلەڤزیۆن، بەڵام ئەوەندەی دەزانم جۆری کلیپ فەرقی هەیە، کلیپی سەرکەوتوو هەیە، کلیپی دیکەش هەیە، لە کوردسات لیژنەی فەحس هەیە تا بزانێ ئایا دەشێ بۆ کڕینەوە یان نا، لەبارەی نرخۆیەوە (پالانی) هیچ زانیارییەکی نەبوو.

**شیلان یاسین**